جامی یەکیتی ئینگلتەرا... کریستاڵ پاڵاس بە سێ گۆڵی بەبەرامبەر لە ئێستەن ڤیلای بردەوە

لە یاریەکی قۆناغی پێش کۆتایی جامی یەکێتی ئینگلتەرا، یانەکانی کریستاڵ پاڵاس و ئێستەن ڤیلا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

گۆمی یەکەم، کریستاڵ پاڵاس بە هەرشبردن دەستیپێکرد، لە ئەنجامی هەرشەکان لە خولەکی 31 ئیزێ گۆڵەکی نایابی لە دۆڕاوی ناوچەی سزا بە لێدانێکی بەهێز تۆمارکرد، نیوەی یەکەمیش بەو تاک گۆڵە کۆتایی هات.

لە گۆمی دووەم، کریستاڵ پاڵاس بە تەواوی کۆنترۆڵی یاریگای کرد، هەرچەندە ماتەتا لە خولەکی 53 لێدانی سزای لێدەستدا، بەڵام لە خولەکەکانی 58 و خولەکی زیادکراودا ئیسماعیلا سار بە دوو گۆڵە تەواوی کردەوە.

سەرەنجام یاریەکە بە سێ گۆڵی بەبەرامبەر لە بەرژەوەندی کریستاڵ پاڵاس کۆتایی هات، بەم بردنەوەش تیپەکەی گلاسنەر گێشتە یاریی کۆتاییی، لە یاریی کۆتاییش ڕووبەڕووی براوەی نێوان مان سیتی و

نۆتینگهام دەبنەوە.